# کوردستان نێت دەروازەیەک بۆ زیاد کردنی ئاستی رۆشنبیری لاوان ... ئاریان تەحسین

aryan_tahsen@yahoo. com

گومان لەوە دانیە کە جیهان گیری (عەولەمە) ئێستا هەمووی جیهانی داگیر کردووە خەلکێکی زۆر لە سایەی دا حەسانەوە کار ئاسانکار زۆری کرد بۆ خەڵکی، جیهانی کردە گوندێك لە چەند چرکەیەکدا هەموو جیهان ئاگای لە یەکتر بێت، کوردیش لە سایەی عەولەمەدا ئەتوانین بلێن یەکێکە لەو میلەتانەی کە تا دوورو نزیك سوودی لێوەرگرتووە.
دوای راپەرین بە گشتی دوای ئازاد کردنی عیراق بەتایبەتی تارادەیەکی ئەو شتانەی کە نەمان بینیبوون هاتنە ناو عیراقەوە بەم شۆرشەش مێشکی تاکی کوردی گۆرانێکی گەورەی بە سەر هات توانی زیاتر بە لایەوە بچێت
ئەوی لێرەدا پێویستە بینووسم ئێستا لە کوردستان خەلکێکی زۆر ئەنترنێت بەکاردەهێنن خەڵك دەرگایەکی تری بۆ چونە ناو جیهان و ئاشنابوونی کلتتوری جیهان لەلا دروست بوو.
رۆژانەش دەبینین سەدان هەزارماڵپەر دروست دەبی بە تایبەت بۆ ئێمەی کورد سەدان ماڵپەرمان هەیە یەکێکیش لەوانە زۆر بڵاوە لە ناوخەڵك کوردستان نێتە.
کوردستان نێن یەکێکە لەوە ماڵپەرانەی کە چەند سالێکە پەیدا بوو کە رۆژانەخەلکێکی زۆر بە تامەزرۆوە سەیری بابەتەکانی دەکات بە تایبەت لە ناو ئاستی لاوان دا چونکە نەك لە ناو کوردا بەڵکو لە ناو جیهانیشدا لاو کەمتر بە بەلای خوێندنەوە دا دەچن بە لام کاتێ ماڵپەرێك هەبی بیرو رای ئازاد لە ناو خەڵك بڵا بکاتەوە ئەوا لاوی کورد ناچاری دەکات زیاتر رووی تێبکات من یەکێك بووم کەمتر بە لای خوێندنەوە دا دەچووم بەلام کاتتێك ئەم ماڵپەرەم بینی ناچار بووم خولیای خوێندنەوە م لەلا دروست بوو هەموو رۆژی سەیری بابەتەکەتانی دەکەم من بە تەنیا سەیری خۆم ناکەم بەڵکو رۆژانە لە ناو برادەکانم بە یەکتر دەلێین ئەمرۆ فلانە بابەتی کوردستان نێتت بینی ئەمەش مانی چیە؟ مانی ئەوەیە کەخەڵك زیاتر بە لای خوێندنەوە چووە
کوردستان نێت هەرئەوە نیە کە بابەتی تێدا بڵا دەبێتەوە ناسینێکە بۆ ئاشنابوون بۆ بڵاً کراوە کوردیەکان وەکو (باسەرە، زاریکرمانجی. . . . ) کەئەمانە تارادەك زیاتر هی ناوچەیەکن واتا لە باسەرە لە کەرکوك زاری کرمانج لە دەڤەری سۆران زۆر بە زەحمەت دەگەن بە دەستمان ئەوا لەم سایتە ئەو ئاشنایەتیمان لە گەڵی درووست بووە چ لە دەڤەرەکە رووبدات بە ئاسانی ئاگامان لە هەواڵکانیا دەبی.
کوردستان نێت وای کرد تا رادەیەك توانی نووسەران بە خەڵك بناسێنی واتا ئەو نووسەرانەی کە نامۆ و غەریب بون لە لای خەڵی تارادەیك بۆ خەڵکیان بناسێنی ئەمەش دەتوانین بڵێن کوردستان مینبەرێکە بۆ کۆکردنەوی نوسەران لە یەکتری کە من بەش بە حاڵی خۆم ئیمەیلی گەلی نووسرانم وەرگرتووە رەخنەو و سەرنجکانی خۆم بۆیان رەوانە دەکەم واتا گۆرینەوی بیرو را لە نێوانمان روودەدات.
بەلام ئەوە نەبیماڵپەریکوردستان نێت بی کەموکوریە بەڵی کەمو کووریشی هەیە کەم و کوریەکانی کورستان نێت ئەوەیە کە تارادەیك کەمتر خەمە لە بڵاو کردنەوی بابەتی گەنجان یان ئەو بابەتانە ی کە زیاتر گەنج بۆ خۆی رادەکێشی پێویست بوو بەشێکی هەبوایە کە گرنگی دابات بە کاروباری گەنجان دەردەدڵی گەنجانیان بڵاو کردباتەوە یان چاوپێکەوتنی لەگەڵ توێژەرەوە کۆمەڵایەتیەکان کردبا بۆ ئەوی گیرو گرفتی گەنجانیان بە دیار خستبا بەمەش گەنج دەیتوانی هەرگرفتێکی هەبایە بۆتانی دەنارد. لە کۆتایدا دەلێم

هەر پێشکەوتوتر بێت کوردستان نێت جولاندنی ئاستی رۆشنبیری لاوان بۆ ئەوەی هەمیشە تاکی هەست بەوە بکات کەبگەڕی بە دوای بیرو رای ئازاد.